**حكومەتی هەرێمی كوردستان**
**وەزارەتی بـازرگانی**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**
**بەڕێوەبەرایەتی كاروبـاری یـاسایی**
**ژمارە: ١١٠٩/٦**
**ڕێكەوەت: ٢٠٠٦/١١/٨**

# ڕێنمایی ئیجرائاتی دامەزراندنی كۆمپانیاكان

پاش یەگگرتنەوەی هەردوو ئیـدارەی هـەولێرو سـلێمانی و دروسـتبوونی وەزارەتـی بازرگـانی / بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماركردنی كۆمپانیاكان بەمەبەستی سەپاندنی كارە یاساییەكانی یاسای ٢١ ی ساڵی ١٩٩٧ ی تایبەت بە تۆماركردنی كۆمپانیاكان بڕیارماندا بە دەركردنی ڕێنمایی ئیجرائاتی دامەزراندنی كۆمپانیاكان بە پێی یاسای ئاماژە بۆ كراوو هەمواركراو بە بڕیـاری ( ٦٤ ) ی بریمـەر ساڵی (٢٠٠٤ ) كە ئەویش بەم شێوەیە :

١. داواكاری پێشكەش دەكرێت لەلایەن خـاوەن كۆمپانیـا بەمەبەسـتی تۆمـاركردن بـە پێـی ( ماددەی ١٧ لەیاسای ئاماژە پێكراو) .
٢. مەرجەكانی تۆماركردن بە پێی ( ماددەی ١٣ و ١٧ لەیاسای ئاماژە پێكراو ) .
أ. دەست بەسەرداگرتنی ناوی بازرگانی بە پێی ( ماددەی ١٣ لەیاسای ئاماژە پێكراو ) .
ب. پشتگیری بانك كە سەرمایەی كۆمپانیا دابنرێت و دەبێت بە ناوی كۆمپانیاوە بێت نەك بـە ناوی مساهم بە پێی ( ماددەی ١٧ لەیاسای ئاماژە پێكراو ) .
ج. هێنانی گرێبەستی كۆمپانیا كە پێویستە گرێبەستەكە لە لایەنـە پـارێزەرەوە ڕێكخـراو بێـت ( بە پێی یاسای پارێزەرایەتی ) .
د. بارەگاو ناونیشانی كۆمپانیا كەشف دەكرێت بە پێی ( ماددەی ١٣ بڕگەی دووەم ).
هـ. پڕكردنەوەی فـۆرمی تۆمـاركردنی كۆمپانیـا كەلـە سیـستمی تـازەی تۆمـاركردن هـاتووە پێویستە سەرجەم زانیاری لەسەر هاوبەشەكان تیدا بێت . ( لەسیستەمەكەدا هاتووە ) .

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٣. پاش تەواو کردنی سەرجەم ئەم ئیجرائاتانەی لە برگەی دووەم هاتوون ، پێویـستە برِیـاری رِەزامەندی دامەزراندنی کۆمپانیا دەربکرێت بە پێی ( ماددەی ١٩ لـەیاسای ئاماژە پێکراو ) .
ئـەویش بـە دوو وێنـە . یەکـەم بـۆ دۆسـیەی کۆمپانیـا .. دووەم بـۆ دۆسـیەی گـشتی لــە بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان و یان بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکـان / لە سلێمانی .

لە هەمان کاتدا برِوانامەی کۆمپانیا بۆ سـەرجەم جۆرەکـانی کۆمپانیـا دەردەکرێـت جگـە لــە کۆمپانیای هاوپشکی ( المساهمە) کـە پێویـستە پـاش ( ١٠ ) رِۆژ لــە برِیـاری دامەزرانـدن برِوانامە وەربگیرێت بە پێی ( ماددەی ١٩ لـەیاسای ئاماژە پێکراو ) .

٤. لە کاتی دەرچووونی برِیاری سـەرەتایی دامەزرانـدن پێویـستە لــە سیـستمی ئـەلیکترونی رِەزامەندی دەرچوونی برِوانەمەی پیێ بدرێت لەلایەن تۆمارکاری کۆمپانیا پاش دڵنیا بوون ( بە پێی سیستەمەکە ) .

٥. پێویستە بۆ سەرجەم لایەنە پەیوەندیـدارەکان و هـەروەها بـۆ کۆمپانیـای تۆمـار کـراویش وێنەیەك لە برِوانامەی دامەزراندنیان بۆ بنێردرێت بـە نووسـراوی رِەسمـی کـە برِوانامەکـە هاوپێچیەتی .

٦. پێویستە پاش دەرچوونی برِوانامەی دامەزراندن کۆمپانیا دەبێت لە مـاوەی ( ٣٠ ) رِۆژ دا کۆنووسی دەستەی دامەزرێنەران پێشکەش بە تۆمـار کـاری کۆمپانیاکـان بکـات بـە پێـی ( ماددەی ٨٧ ) .

لەگەڵ رِاوێژکاری یاسایی و ژمێریار و ئەندازیاری کۆمپانیا ( ئەگەر تایبەتمەنـدی کۆمپانیـا کـە پێویستی بە ئەندازیار بـوو ) ئـەویش هێنـانی پـشتگیری سـەندیکای ( پـارێزەران ژمێریـاران و ئەندازیاران ) ( بە پێی یاسای ژمێریاران و پارێزەران و پۆلینی بەڵێندەران ) .

٧. نابێت هیچ گرێبەستی کۆمپانیایەك پەسند بکرێت ( تـصدیق ) بـەر لــە هێنـانی کۆنووسـی کۆبوونەوەی دامەزراندن .

٨. پێویستە پاش دەرچوونی برِوانامەی کۆمپانیا کلێشەی تایبەت بە کۆمپانیـا هـەبێت و تـەنها بەرێوەبەری رێپێدراو دەتوانێت نووسراو ئاراستەی لایەنەکان بکـات یـان برِیکارەکـەی و دەبێت کۆمپانیا مۆری تایبەت بە خۆی هەبێت بە پێی ( مـاددەی ٢٠١ – ٢٠٢ لـەیاسـای ئاماژە پێکراو ) .

٩. پێویستە وێنەیەك لە برِوانامەی کۆمپانیا بنێردرێت بـۆ ژووری بازرگـانی و بەرێوەبەرایـەتی بـاجی دەرامـەت و ئـەو بانکـەی کـە سـەرمایەی کۆمپانیـا تێـدا دانـراوە لەگـەڵ لایـەنی پەیوەندیدار .

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

١٠.کۆمپانیا لـە بەرواری دەرچوونی بڕوانامەی دامەزراندن مافی ئەوەی هەیە کە خاوەنی کەسیەتی بێت و کار بکات بە پێی ( ماددەی ٥ لـەیاسای ئاماژە پێکراو ) .

**محمد رؤوف محمد**

**وەزیری بـازرگانی**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com